# سی ساڵ مەچكۆ

د.كەمال سەید قادر

پێشنیوەڕۆیەكی چلەی زستان ئەوەندە هیلاكو تەنها بوم نەمدەزانی رو لە كوێ بكەم, سـەرمای ئەم رۆژەش گەمارۆی پاو دەستەكانی دابوم بۆیە سەرێكم هەلبری بۆ قەلای هەولێر ووتم با بـە بە سەر قەلاكە بكەومو لەو بەر بیمە خوارەوە تاكو هەم نەختێك گەرم ببمەوەو هەم كاتەكـەش بە سەر بچێت. كەچی چەندی تەكانم داخۆم قاچم رێگای نەگرت، لـە پریكـا چـایخانەی مەچـكۆم كەوتەوە یاد كەوا پشتی بە قەلا داوە مەردانەش روی لە شاری هەولێر كردوە. هەر بێ یەكو دوو بەرەو مەچكۆ شۆر بومەوەو خۆم پیا كرد. چایخانەی مەچكۆش جگە لەوەی كەوا بە مێزو كورسی یە كۆنەكانی سەردەمی بی گوناهیو دلپاكیمان دینیتەوە یاد شوینیكی گەرمو گوریشە لە زستان. ئەو كەسانەی دەشیەن بۆ ئەم چایەخانەیە یاخود نوسەرو رۆشەنبیرن, یاخود ئەم جـۆرە كەسـانەن كەوا حەز دەكەن بەم جۆرە بناسرێن, یاخود جۆرە كەسانێكن كەوا لە تەك ئـەم خەلقـە دلپـاكو ساولیكانەدا هەست بە ئارامی دەكەن.

من وویستم روبكەمە گەرمترین شوێن لە چایخانەكە, وا دیاربو چارەنوسیشم وای دەویست بۆیە یەكسەر روم كردە ناوەراستي چایخانەكە وە بە بێ ئەوەی سەیری ئەم لاو ئەملای خۆم بكەم لـە تەنیشتو بەرامبەر چەند كەسانێكەوە دانیشتم كەوا سەرو سیمایان لە میوانانی ئاسـایی ئـەم چایخانە نەدەچو, ملەستورو زگن, سەرو سمیل بۆیە كراو وەكو قەترانی رەش, فسە فس كردنو لـە سەروی هەموشیانەوە خەریكی دۆمینە كردن بون. چەند چنگێك دیناری ئاسنیشیان وەكو منارە لە پیش خۆیان كەلەكە كردبو كەوا بەرزیو نزمی هەریەكەكیان بە پێ ی دەرئەنجامی یاریەكە دەگۆران.

هەتا چایەچیەكەش لای سەیر بو كەوا من لە تەنیشت ئەوانەوە دانیشتوم بۆیە بە تی چـاویكەوە سەیری كردمو پرسی مامۆستا فەرمو؟ تكایە كاكە گیان چایەكی تالم بۆ بێنە, و وەلامم دایــەوە.

هێشتا من رستەكەم تەواو نەكردبو یەكێك لە یاریكەرەكان بە گالتەو پیكەنینەوە چرپاندی بە گوێ ی ئەوی بەرامبەری، ئەمە رۆشنبیرەإ ئەمی بەرامبەریشی گۆشەیەكی دەمی خوارکردەوە ووتی جا خۆ لە ملی دیارە، سەیری كە چۆن لە برسا ملی باریك بۆتەوە. من خەریكی گوێ گرتن لـەم چـرپە چرپە بوم منالیك بە خۆیو بە جوتە ساندالیك لە دەستیەوە پەیدا بو. مامۆستا بۆیــاغ كــەم؟ دەستی بۆ پیلاوەكەم درێژكرد. نا زۆر سوپاس وەلامم دایەوە. منالەكە خەریك بو جێمـان بهێلـی بەلام ووركگ زلەكەی تەنیشتم بانگی كرد, ئا وە رە هەتیو ئەی بۆ لە ئیمە ناپرسـیت؟ هـا ئـەم پیلاوانە ببە جوان بۆیەیان كەإ منالەكە هەر بە بێ دەنگی سەندالەكەی بۆ داناو پیلا وەكانی بــە سەری پەنجەكانی یەوە هەلگرتو بردی بە تیچاویكو زە ردەخەنەیەكی مردووەوە سەیریكی منی كردو هەناسەیەكی دریژو نزمیشی هەلكیشا. وویستم شتیك بەم ووركزلەی تەنیشتم بلیم بەلام خۆم گرت.

ئەمجارەیان ئەوەندەی پێ نەچو پیرەمیردیکی سوالکەر بەدیارکەوت. روی  لە وورگ زلەکان کرد, موسلمانینە خێرێکم پێ بکەن خوا خێرتان بنوسێت إ ئەوەی تەنیشتم وەلامی دایە وە خوا بدات ئەمە پارەی قومارە بە خێر ناچیت.

ئەمجارەیان خۆم پێ نەگیرا دەستم برد بۆ یەك لە منارە دینارە ئاسنەکان ووتم دە شتێکی بدەرێ وورگن ئەو چی ئەزانی قومار چی یەإ ئەویش پالێکی بە قۆلموە نا منیش بە بێ ئەوەی مەبەستم بێت دەستم کەوت بە منارەی دینارە ئاسنەکانو هەمویان دارمانو بەو ناوە وەربون. یاریکەرەکان بۆ چەند چرکەیەك بێ دەنگ بونو سەیری یەکتریان کرد ئینجا بە سەر لە قانێکەوە بە یەکتریان ووت ئەمە ئاژاوەچیو تێکدەرە دیارە هەر لە سەرەتاوە بۆ ئاژاوە نانەوەدو تێکدان هاتۆتە تەنیشتمان. ئینجا رویان لەمن کرد, باشە ئاژاوەچی وئیستا بە چاوی خۆت ئەی بینیت کەوا ئەم چایخانە بێ یاسا نی یە. یەکێکیان سەری هەلبریو روی کردە ئەفەندی یەك کەوا لەم بەرەو دانیشتبو خەریکی خواردنەوەی چای شیرینو گولە بەرۆژە کرتاندن بو هەندێ پەلکە گولەبەرۆژەش لە سەر زگە خرەکەی گیریان خواردبو. ئا دادوەرە فەندی وەرە ئەم ئاژاوە چی یە بە سی سال زیندانی لە مەچکۆ سزا بدە. دادوەرە فەندی یەکسەر هەلسایە سەرپێو بەرەو روی من هات. روی لەمن کردو بە دەنگێکی بەرز رایگەیاند, من دادوەری دۆمینە لەم چایخانەیە, یاریکەرانی دلسۆزو ملکەکەنیان لە دەستریژی هەر ئاژاوەچی یەکو تێکدەریك دەپاریزم.

ئینجا دادوەر بە شیوەی فەرمان داوای لی کردم هەلسە سەرپێ بریاری دادگا دەخوێنمەوەإ منیش واقم وورما هەر لە جێ ی خۆم نەبزوام. دادوەری دۆمینە  دەستی کرد بە خویندنەوەی بریاری دادگا: من دادوەری دۆمینە لە چایخانەی مەچکۆ بە ناوی یاریکەرانی دۆمینە لەم چایخانەیە بریارم دا ئەو تاوانبارەئاژاوەچیو تیکدەرەی کەوا لە  پێشم دانیشتوەو نازانم ناوی چی یە لە سەر داواکاری یاریکەران بە سی سال زیندانی لە مەچکۆ سزا بدەم وە بریارەکەش لەم چرکەیەوە جێ بە جێ دەکرێت.

پاش راگەیاندنی بریارەکەی پەنجەی بۆ کەسێك دریژ کرد کەوا لە لای دەرگاکە دانیشتبو. ئا وەرە قەساب ئەم تاوانبارە راپێچکە بۆ بنەبانی ئەم چایخانە لەوێ بۆ ماوەی سی سالی دادێ چاودێری بکەن تاکو چیتر ئاژاوە نەنێتەوەو یاری دۆمینە تێکنەدات. قەساب دیارە نازناوی ئەو کەسە بو بەلام خۆشی هەر بە قەساب دەچو. شەروالێکی تەسکو چاکەتیکی دریژی لە بەردابو لە گەل قایشێکی ئەستور بە قەدی یەوە, چەقۆیەکی دریژو مەورەدێکیش بە قایشەکەیەوە هەلواسرابو, پێلاوەکانیشی بە شیوەی سانداليك بە سەر پێ ی خۆیەوە کردبو بە بەردەوامیش تفی رودەکردە سەر زەوی یەکە.

قەساب یەکسەر تاوی دایە قۆلمو رایپێچامە بنەبانی چایخانەکە کەوا کورسی یەکی دریژی داری لی دانرابو لە گەل حەسیریکی راخراو لە سەری. ووتی دەوجا بۆ ماوەی سی سالی تر لیرە دانیشەو هەر چای تال بخۆرەوە تا دەرزێیتەوە.

منیش هەر وام ئەزانی خەو ئەبینم تاکو بەرە بەری ئیوارە داهاتو زۆربەی هەرە زۆری میوانەکان چایخانەکەیان جێ هیشت. لە هیکێکەوە منالە بۆیەچی کە پەیدا بو. مامۆستا ئەوە ئەم زالمە تۆشی زیندانی کرد؟ ووتم باشە نازانی ئەو یاریکەرانە بۆ وا رقیان لێم هەلسا چونکە پیم ووتن وورگن؟ ووتی نەخێر ئەوان خۆشیان ئەزانن کەوا وورگنن وە هەمو کەسێکیش وورگیان ئەبینێ بەلام تۆ دەستت بۆ دینارە ئاسنەکان برد وویستت دابەشی بکەیت بۆیە سزایان دایت إ ئەو دینارە ئاسنانە ملکی منو تۆیە کەلەکەیان کردوە بۆیە زۆر دەترسن یەکێك لی یان بسێنێتەوە هەر بۆیەشە دادەوەری تایبەتیان بۆ داناوە کەوا بە ئارەزوی یاریکەران وە لە سەر داواکاری ئەوان سزا دەبرێتەوە. بە بەزەیی یەکەوە سەیری منی دەکرد, من ناوم پشکۆیە بە نزمی درکاندی, هەر رۆژ لێرەم, سەرت لێ نابرم, هەر پێ ویستی یەکت هەبو پێمی رابگەیەنە. پشکۆ بۆی گێرامەوە کەوا دایکو باوکی ئەنفال کراون ئیستا خۆیو نەنکی لە یەکێك لە گەرەکە هەژارەکانی هەولێر دەژینو بە رۆژ کاردەکاتو شەویش دەرواتە قوتابخانە. پشکۆ پە نجەی هەرەشەی هەلبری ووتی بەلین بێت ئەم زولمە بە هەمو کەسێك رابگەیەنم, لە کۆلانەکان, لە قوتابخانە وە لە هەمو بازاریش.

پشکۆ خواحافیزی لی کردم ووتی خەم مەخۆ هیچ زولمێك هەتا هەتایە سەر ناگرێت.

لە گەل دەرچونی دوا میوانو داهاتنی تاریکی ئیوارە حاجی چایەچیش هەمو چراکانی کوژاندەوە تەنها یەك چرای کزی سەر سەری من نەبێت ئینجا دەرگا جامەکەی لە دوای خۆی داخستو پاشانیش غرەی دەرابی چایخانەکە هات. دیاربو ئەمیشی داخست. منیش بە تەنها لە بەر ئەو چرا نزمە دەستم بە بیر کردنەوە کرد. پرسیارم لە خۆم دەکرد. ئایا دەبێ من مرۆڤێکی ساویلکە بم کەوا خۆم دەخەمە داوی واوە؟ یاخود دەبێ شتێك هەبێت بە ناوی چارەنوس کەوا مرۆڤ هەرچەندەش هەولبدات نەتوانێت لێ ی دەرباز بێت؟ یاخود خوێندنەوەی ئەم هەمو نوسینو پەرتوکانە سەریان لی شیواندوم؟ دەبێ من مرۆڤێکی سەر لی شێواو بم خۆم هەستی پێ نەکەم ئەگەر نا چیم لە دیناری ئاسنی ئەو قومارچیانەیە؟ ئایا ژیان خۆی لە خۆیدا هیچ مانایەکی هەیە وە ئەگەر مانای هەبێت کەی مانای هەیە؟ ئینجا غاندیم کەوتەوە بیر لە گەل کتابەکەی "چیرۆکی ئەزمونەکانم لە گەل راستیدا", لە بەر خۆمەوە ووتم ژیان بە بونی عەدالەتو ئازادی یەوە خۆشە ئەگەرنا هیچ مانایەك نابەخشێت, کەواتە هەمو قوربانی یەك لە پێناوی ئەم بەها بەرزانە هەر کەمە. بەم دەرئە نجامەی دوایی قەناعەتم بە خۆم هینا, وا دیاربو خەویش پەیتا پەیتا زەفەری پێ دەبردم. دیاربو زنجیرەیەك خەونیش بە بەرچاوما رەت دەبون . لە هەلقەیەکیان لە رۆژیکی بەهارا لە سەر تاقی ریگا لە تەك کیلگە گەنمیکی گوندەکەی خۆمان دانیشتبوم, تیشکێکی نەرمی خۆر لی ی دەدام. لە خەونێکی ترا حەیرانێکم بانگ دەکرد, گازم دە کرد لە ناخی دلمەوە, دیاربو دەنگیشم تا بلی ی خۆشبو. ئەمجارەیان لە خەوما دایکم هاتبوە دوام بانگی دەکردم هەلسە هەلسە با برۆینەوە باوکت بانگت دەکات, هەستیشم دەکرد دەستیك شانم رادەتەکێنی. کە بەخەبەر هاتم دیم شاگردی چایخانەکەیە بە سەر سەرمەوە وەستاوەوە چایەکی تالیشی لە دەستە. هەلسە ئێستا میوانەکان بە دیار دەکەون ئەمەش چایەکەت إ دوای ئەوە حاجی چایەچیش گەیشتو بەرە بەرە میوانەکانیش دیار کەوتن. دیاربو هەندێ لە میوانەکان قسەیاندەکردو بە سەریان ئیشارەتیان بۆمن دەکرد. گویم لێبو یەکیان دیووت بزانە بەلاش خۆی فەوتاند بلێ کی منەتی پێ یە دەبرۆ جا سی سال لە و بنەبانە دانیشە. ئەوی تر دەیووت گوناهی خۆیەتی شایستەی سزای گەوەرەتریشە بلی تۆ چیت بە سەر پارەی قوماری ئەم ئەژدیهایەنەوە هەیە دەتەوێت دابەشی بکەیت؟ یەکێکی تریان کەوا دیاربو زۆر نابوتو شربو بە دەم کۆکە کۆکەوە بە دەنگێکی بەرز ووتی ناوەللا ئەو کارەی ئەو کردی جێگای شانازی هەمو مانە, هەریەك لە ئێمە دەیەوێت پێ ی هەلسێت بەلام وورەی دەوێت, ئەو بوە قوربانی

ئێمە هەمومان, ئینجا دەستی بەرز کردەوە لە دورەوە سلاوێکی لی کردم، کە وەلامم دایەوە دەستە هەلبراوەکەی کردە مستێك هەر هەری شەقاند تاکو پێکەنیم. من خەریکی ئەم دیمەنانە بوم دیم لە پرێکا پشکۆ لە پێشم وەستاوە, بە بیّ قسە کردن دەستی بردە بەرکی شەروالەکەی پارچە رۆژنامەیەکی دەرهێنا شتێکی لە ناو لولدرابو خستیە دەستم. کە کردمەوە دیم نانێکی تیری کوردی یە کراوەتە پارویەك لە گەل هێلکەیەکی کولاوو چەند لکە تەرە پیاز. ووتی دەزانم برسیتە ئەوە نەنکم بۆی ناردی ووتی کوری خۆمە با خەم نەخوات خوا کەریمە ئەو زولمەش سەر ناگریت. من خەریك بوم گەزەیەك لە پاروەکە بدەم ووتی لە هەمو شوێنێك باسم کردوی ئەوەی ویژدانی هەبێت وا دەکولێت.

هەر لە پاش چیشتانەوەش خەلقی جۆراو جۆر دەهاتنە ناو چا یخانەکە بە بیّ ئەوەی دانیشن، سەیرێکی منیان دەکردو دەرۆیشتن، هەیانبو سەری خۆی بادەداو دەرۆیشت هەشبو سلاویکی بە نهێنی لی دەکردم. شەوو رۆژ بەم جۆرە رەت دەبون, نەنکی پشکۆش لە ژیان رای دەگرتم، بەلام پشکۆ لە رۆژەکانی دوایی زۆر شپرزابو هەر دەیوت دەتەقێتەوە باوەرکە بەم زوانە دەتەقیتەوە هەمویان ئامادەن.

درەنگە شەوێکیان بوە غەربە غەرب لە دەرەوە, دەنگەکان ئەوەندە نزیك بون هەر لە پشت دەرابەکە بون, دەنگی ژنو مندالو پیاو گە نجو پیردەهات. دەنگی خەستی پیاوێك بەرز بووەوە ئا لیرەیە لیرە زوکەن دەری بێنن. یەکەم دەنگی قورس دەنگی نوکە قازمەیەك بو کەوا یەکیك لە تۆپی کلیلی دەرابەکەیدا, دیاربو نە یگرت, ئە مجارەیان دەنگێکی تر هاواری کرد وا نابیّ کوا ئەم شیشەیەم بۆ بێنن إ لە پرێکا قرتەیەك هات. ئە مجارەیان دەنگی پیرێژنیك بەرز بووەوە, دەی پیاوینە خیراکەن ئەو دەرابە هەلدەنەوە تاکو قەساب بە دیار نەکەوتوە, ئەوەبو غرەی دەرابەکە هات چەند تارمایی یەك لە پشت دەرگاو پە نجەرە شوشەکان دیار کەوتن. دوو سیّ سەری بچوك دەمو چاویان بە جامی پە نجەراکانەوە نابو هاواریان دەکرد ئەوەتا ئەوەتا ماوە وا لەو بنە بانەیە. چەند کەسانێکی تر لە پشت دەرگاکە کۆ ببونەوە خەریك بون بیکەنەوە بۆیان نەدەکرایەوە تاکو یەکێکیان کەرپوچیکی راوەشاندە جاماکە هەمو هاتە خوارەوە, خەلکەکە وەکو ئاوی لافاو رژانە ناو چا یخانەکە پیلیان گرتم, هەلسە زوو پیّ بگرە بە قورئان قەساب دەمانگاتیّ. منیان را پێچا لە گەل خۆیان, بە چەند کۆلانی تەسکو تاریکو قوراویدا لولمان خواردەوە تاکو لە پیش دەرگایەکی تەنەکە وەستاین. پیرەژنەکە بەوانی تری ووت ئینجا ئێوە بە کری برۆن با کەس هەست نەکات.

حەشامەتەکە بە بیّ دەنگی بە جیان هێشتین تەنها ئەو کەسە نەبێت کەوا شیشە ئاسنەکەی لە دەست بو. ئەمیان شیشە ئاسنەکەی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە چەند جاریك وەکو هەرەشەیەك هەری شەقاند ئینجا پیکەنیو بە شەلە شەل رۆیی. پیرێژنەکە پالێکی بە دەرگاکەوە نا چوینە هەیوانیکی بچوك کەوا بە پارچە نایلونێکی گەورە دا پۆشرابو, لە ژیر نایلۆنەکەش بەرمیلێکی ئاو دانرابو, لە پشت بەرمیلەکەش دەرگایەکی بچوکی خواری دار بە دی دەکرا, لە تەنیشت دەرگاکەش سندوقێکی پێلاو بۆیە کردن دانرابو. لە پرێکەوە دەرگاکە کرایەوە پشکۆ بە دیار کەوت بە بیّ ئەوەی هیچ بلێت خۆی لادا تاکو ئێمە بچینە ژورەوە. لە ژورەوە لە سەر نویندەرێکی رەنگاورەنگ دایاننام. پیرێژنەکە ووتی ئەوجا گەلەك بە خێر بیّی کوری خۆم.

11.02.2006

زیندانی زۆرە ملیّ ی ئاسایشی هەولێر